

# کێ قەدری هونەر دەزانێ؟

**«قەدری زێڕ لای زێڕنگرە»، ئەمە قسەیەکی نەستەقی کوردەوارییە. لە زمانی سەعدی شیرازی–یش دەگێڕنەوە: «پیاو تا دەنگ هەڵنەبڕێ، کەس نازانێ گەوهەرفرۆشە، یان پیاز فرۆش». من بە دەم هەردوو قسەکەوە دەڵێم: قەدری هونەر لە لای هونەرناسە.**


**ئا/ تاریق کارێزی**


رەنگە سەربردەی ژیانی ئەمیر حەمەدەمین رەواندزی، کە نیگارکێشێکی باشووری کوردستانە و ئێستا لە یۆنان دەژی، نموونەیەکی دەگمەن و دانسقەمان بداتێ لە بارەی بازاڕ و سەنگی هونەر، چ لە لای ئێمە وەك جڤاکێکی پاشکەوتووی رۆژهەڵات، چ لە لای یۆنان وەك گەلێکی خاوەن شارستانیەتێکی دێرین و ئێستایەکی پرشنگدار.

ئەمیر رەواندزی بەهرەمەندێکی بواری نیگارکێشان بوو. وەك نازناوەکەی ئاشکرای دەکات، خەڵکی رەواندزە. لە ساڵانی نەوەد (نزیکەی ٢٠ ساڵ بەر لە ئێستا) بۆ گەشەدان بە بەهرەکەی، لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر دەیخوێند. هێشتا قوتابی بوو، پیشانگایەکی زۆر دەگمەن و ناوازەی لە شاری هەولێردا کردەوە. ئەمیر لە دەروێشێکی سەوداسەر دەچوو، بێ لە دنیای هونەری نیگار، لە ژیاندا رۆشناییەکی دیکە و خولیا و حەزێکی دیکەی بەدی نەدەکرد. ئەو سۆفی ئاسا هەر لە زیکری دنیای هونەردا بوو. عەشقێکی باڵا، بە تاو و تین بۆ نیگار، دەروونی ئەوی تەنی بووەوە. وای لێ کرد بوو، شەو و رۆژ بە یەکدا بدوورێت، نە پێنووس لە پەنجەی جیا دەبووەوە، نە نیگای چاوەکانی لە سەر رووبەری کاغەز لا دەچوو. هەردەم و هەردەم هەر کار و هونەر.

ئاشکرایە هێڵکاری سەبارەت بە نیگارکێش و تێکڕای هونەرمەندانی شێوەکار، بناغە و بنەڕەتە، بۆیە ئەمیر بەردەوام، شەو و رۆژ هەر خەریکی هێڵکاری بوو. کار کردنی بەردەوام توانا و بڕستی مرۆڤ نەك هەر لە هونەردا، بەڵکوو لە هەموو بەهرە و پیشەیەکدا بەرەو تاقی ئاسمان دەبات. هەر ئەوەش بوو دەرەنجامی شەو و رۆژ کار کردنی ئەو کوڕە گەنجە رەواندزییە.

دێمەوە سەر پیشانگا ناوازەکەی کە لە هەولێردا کردییەوە. رەنگە ئاسان نەبێت پیشانگایەکی لەو





جۆرەی ئەمیر لە هەولێر کردبیەوە، دووبارە بیێتەوە. چۆن؟ ئەو بە سەدان هێڵکاریی دروست کردبوو، کە بەشی هەرە زۆریان بە قەبارەی گەورە بوون (کارتۆنی ١ مەتر بە ١،٦ مەتر)، لایەکی دامەنی قەڵای هەولێری بەو هێڵکاریانە داپۆشی. هەڵبەت ئەو هێندە سەرمەست و عاشقانە کاری دەکرد، لە دروست کردنی زەحمەتترین بابەت و مۆدێل و دارشتن، سڵی نەدەکردەوە. بۆ نموونە بەشێکی زۆری هێڵکارییەکانی لە نێو (قاوەخانەی مەچکۆ)دا کێشا بوو. بە زۆریش بەرهەمی دارشتنی سەخت و ئاڵۆزی کێشا بوو. بۆ نموونە هێڵکاری و قەڵەمکێشیی بۆ چەند ریزە کەسێکی دانیشتووی نێو قاوەخانەکە دەکێشا. لەم جۆرە دارشتنەدا نیگارکێش دەبێ زۆر کارامە بێت، تا رادەیەکی زۆر نەترس و متمانە بە خۆ بێت، ئەگەر نا خۆ گەلاڵە کردنی چەندین فۆرم و فیگەری مرۆیی لە نێو یەك هێڵکاریدا، بە رەچاو کردنی روانگە و هاوسەنگی و تاریکی و رووناکی، بە راستی کارێکە زۆر کەم هونەرمەند خۆی لێ دەدەن. ئەمیر لەم جۆرە کارکردنەدا سەرکەوتوو بوو.

من لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، بەرهەمی گەورە نیگارکێشی عیراق «فایەق حەسەن»م لە مۆزەخانەی هونەرمەندانی پێشەنگ لە بەغدا دیوە، لە نووسینێکم بە ناونیشانی (ئەمیر، میری هێڵکارییە) لە بارەی ئەو پیشانگایەی ئەمیر، ئاماژەم بەوە دابوو، کە هێڵکارییەکانی ئەمیر هیچیان لە هێڵکارییەکانی فایەق حەسەن کەمتر نییە. مامۆستایەکی ئەمیر لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان پێی گوتم: «تۆ کفری هونەرت کردووە!» داوام لەو مامۆستا بەرێزە کرد، بە نووسین بۆمی روون بکاتەوە، کە لە کوێدا من کفری هونەرم کردووە؟ بە تایبەتی کە تابلۆ و هێڵکارییەکانی فایەق حەسەنم لە ژووری تایبەتی ئەو هونەرمەندە لە مۆزەخانەی شێوەکارانی پێشەنگ، لە کەناری رۆژهەڵاتی رووباری دیجلە لە ناوەراستی شاری بەغدا دیوە. بۆ هەقیقەت دەیڵێم: بە راستی هێڵکارییەکانی ئەمیر زۆر لە ئەوانی فایەق حەسەن باڵاتر بوون، بەڵام کێ هونەرناسە و کێش قەدری هونەر دەزانێ؟ ئەدی کێ ئەم قسەیەت لێ دەکرێ؟ باوەکوو لە تەرازووی رەخنەی بابەتییانەوەش سەرچاوەی گرت بێت.

ئەو شابەهرەیەی ناوی ئەمیر رەواندزی بوو، دوای تەواوکردنی خوێندن لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان، لە یەکێ لە گوندەکانی باشووری کوردستان بە مامۆستای هونەر دامەزرا. نە مووچەی ئەو کاتی مامۆستایی ژیانی ئەوی کورە هەژارەی دابین دەکرد، نە شوێن و جوگرافیاکەش جێی چیا بەهرەی ئەوی تێدا دەبووەوە. ئیدی وەك چەندین گەنجی هاوتەمەنی خۆی، بەرەو خەون و خەیاڵی بەهەشتی ئەورووپا سەری خۆی هەڵگرت.




لە کۆچی بە قاچاخ و نایاساییدا، مرۆڤ لە ئەو پەری بێ پەرِ و باڵیدا دەبێت. ئەمیر سنووری چەند وڵاتێك دەبڕێ و دەگاتە یۆنان. لەوێ یەکێك دەبێت لە چل کەس کە بە نایاسایی خۆیان گەیاندووەتە وڵاتی فەیلەسووفان و پۆلیس دەسگیریان دەکات. ئەو چل کەسە لە لایەن پۆلیسی یۆنانەوە بەرەو سنووری تورکیا راپێچ دەکرێن. لە ئان و ساتی سنووردداش کردنەوەیان بەرەو تورکیا، ئەمیری عاشق بە هونەری نیگار دەست بۆ هەگبەکەی دەبات، قەڵەم و کاغەز دەردەهێنێ، هێڵکارییەکی ئەو پۆلیسەی یۆنان دەکێشێ کە ها بە دیار سەرییەوە. ئەو کارە سەرنجی پۆلیسەکە رادەکێشێت. بە پێی ئەوەی بۆمیان گێراوەتەوە، پۆلیسەکە تەلەفۆن بۆ پارێزگاری ئەسینا دەکات، پێی رادەگەیەنێت کە لە نێو چل پەنابەری نایاسایی، نیگارکێشێك هەیە. پارێزگار فەرمان دەدات، نیگارکێشەکە رەوانەی لای ئەو بکرێت، هاوکات ٣٩ کەسەکەی دیکەش بەرەو تورکیا سنووردداش بکرێنەوە.




لێرەوە دەرگای خێر و خۆشی و ژیان بە رووی ئەمیر رەواندزیدا کرایەوە. لە یۆنان چووە بەر خوێندن و لە لایەن حکومەتی ئەو وڵاتەوە ژیانی مسۆگەر کرا. ئێستا ئەمیری کورە کوردستانی، بەیداخێکی دیاری هونەری نیگارکێشانە لە یۆنان. دەسەڵاتی هونەرەکەی ئەوی گەیاندووەتە ئەو ئاستەی، کە رۆژنامە بە ناوبانگەکانی یۆنان مۆتیف و هێڵکاری و قەڵەمکێشی و مۆدێلەکانی ئەو بڵاو دەکەنەوە.

پوختەی مەبەست، هەر وڵاتێك بیەوێ گەشە بکات و پێش بکەوێت، دەبێ رێی پێشکەوتن و گەشە کردن بۆ بەهرە و بەهرەمەندانی دەستەبەر بکات. ئەگەر مەبەستمان کوردستانێکی مۆدێرن و گەشتر لە ئێستا بێت، دەبێ کەشی گونجاو بۆ بەهرەداران دروست بکەین، چونکە بەهرە هەوێنی گەشە و پێشکەوتنە. هونەریش لە لای هونەرناس قەدری هەیە. هەر گەلێك رێز لە هونەر بگرێت و ئاوڕی راستگۆیانەی لێ بداتەوە و بایەخی پێ بدات، ئەو گەلە بە مەقامی پێشکەوتن شاد دەبێت.

# ریفراندۆم
# لە دیدی هونەرمەندانەوە

بە درێژایی مێژووی دەیان ساڵەی خەباتی میللەتی کورد لە پێناو مانەوە و ئازادیدا لە هەموو پارچەکانی کوردستان، هونەرمەندانیش شان بە شانی پێشمەرگەکانی کوردستان بە هونەرەوە بەرگرییان لەو خاکەوە کردووە و هەزاران سروود و گۆرانییان بۆ خۆشەویستیی وڵات هۆنیوەتەوە، ئێستاش کە میللەتی کورد لە باشووری کوردستان لەبەردەم تەحەددییەکی گەورەدایە کە بریتییە لە ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلوولی بێگومان هونەرمەندانیش راوبۆچوون و هەڵوێستی خۆیان لەو بارەوە دەبێت، هونەرمەندان بەمشێوەیە راوسەرنجی خۆیان دەربارەی پرسی ریفراندۆم بۆ گوڵان خستۆتەڕوو.



## هونەرمەند ناسراوی گۆرانی و موسیقا قادر ئەسعەد


پەیام و موژدە بۆ ئەوەی رۆحی شەهیدانمان ئاسوودە بێت و گەلی کوردیشمان شکۆمەندی و سەرفرازیی یەکجارەکی بۆ بگەڕێتەوە، تەنیا بوونی ناسنامەی نەتەوەیی و سەربەخۆبوون و جاڕدانی دەوڵەتی کوردییە.



## خانمە هونەرمەندی رۆژئاوای کوردستان ئالین

ب نێرینا من، گشتپرسیا سەرخوەبوونێ، پرسەکە کو ئەو ل گۆری رێککەفتن و پەیمانێن ناڤدەولەتی پرسەکە پاراستییە. لۆما، مافێ گشتپرسییێ مافەکێ رەواییێ هەموو گەلانە. نەمازە، وەلاتەك وەك عێراقێ، ئیدی مینا دەولەتکا خوەدان سەروەری تێکچوویە و د راستییێ دە بەغدا ژ لایێ تەهرانێ ڤە برێڤە دچە!. ئانکۆ، عێراق دەولەتەکە داگیربوویيە. لۆما، ئەم باوەرن کو تەڤاهیا دەولەتێن جیهانێ ب ڤێ راستی یێ باش دزانن. د ریالیتێ و راستییێ دە ژی، عێراق ژ دەمێ کو ئینگلیزان ئەو داگیرکریە (١٩١٦-١٩٤٥) تا نها هەردم خوە د شەر دە دبینە و شەرێ عەرەبێن سوونی- شیعی بەردەوامە. ل ڤر، ئەگەر ئەم باش ل ئالیێن پۆزیتیڤ یێن رەفەرندوومێ بنێرن، نەتەنێ سوود وێ ل کوردان ببە، لێ بەلێ، هەوقاس سوود وێ ترکومانان و کریستیانا ژی ببە. ل ڤر سوودێن ستراتیجیك یێن جیۆپۆلیتیك وە ل ترکیێ ژی بن و هەروەها ئەڤ گاڤ وێ خزمەتا پاراستنا ئارامی و ئاشتیا تەڤاهیا رۆژهەلاتاناڤین و جیهانێ بکە.

رەفەرندووم دکارە د قویناغا کۆنفیدرالیزما سەربخوە رە دەرباس ببە، لێ زەحمەتە کو سەربخوە وەك دو دەولەت د یەك ئەردنیگارییێ (جوگرافییێ دە) دعێراقێ د بژین. لۆما، ئەم دبینن کو گشتپرسی مافەکێ رەواییێ تەڤاهیا وان گەلانە یێن کو ل کوردستانا عێراقێ دژین نو ب تایبەت گەلێ کوردستانێ.



## هونەرمەندی ناسراوی بواری نواندن حەمەڕەشید هەرەس

کە دەڵێم: لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستانم، بەرژەوەندی نەتەوەییم هەیە، من سەر بە هیچ حزبێك نیم، دژایەتی سەربەخۆیی لە باشترین حاڵەتدا شێتییە، ئەگینا دەق دەچێتە خانەی جاشێتییەوە، خۆ ئەگەر هەر لایەنێك بانگەشەی سەربەخۆیی بۆ بازاڕگەرمیی سیاسەت بکات و هەر پاشەکشەیەك بکەن، ئەوا پێنووسەکەم (لە پێش هەموو پێنووسێکەوە) ئامادەیە بۆ لەقاودانیان. من خۆم بە دەروێشی نەتەوەکەم دەزانم، نەك حزب.



## شەفگیر

من وەك هونەرمەندێكی سیاسی و نیشتمانپەروەر نزیكەی ٤٥ساڵە زۆربەی گۆرانییەكانم بۆ سەربەخۆیی كوردستان بوون، ئێستاش دەڵێم بە دڵ و گیان لەگەڵ ریفراندۆم و سەربەخۆیی كوردستانم، هیچ كاتێك لەلای خۆمەوە ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی و كۆنفیدراڵیم بە رەوا نەبینیوە بۆ گەلی كوردستان، گۆرانییەكانم، شیعر و پەیڤەكانم، خەباتم هەموویان تەنیا بۆ سەربەخۆیی بوون، تاكە رێگای رزگاریمان لە ئازار و نەهامەتییەكان تەنیا سەربەخۆیی كوردستانە، سەبارەت بە پرۆسەی ریفراندۆمیش دڵنیام كە هونەرمەند و شاعیر و رۆشنبیر و ئەدیب و كەسایەتی و لایەنە سیاسییەكان هەموویان پشتیوانی سەرۆك بارزانی دەكەن.



## هیوا سوعاد


سەربەخۆیی و بوون بە خاوەن دەوڵەت واتە هەستكردن بە مرۆڤ بوون و وەدەستهینانی گشت مافەكان و پاراستنیانە، بۆیە دەنگدان بە (بەڵێ) ئەو پەڕی نیشتمانپەروەری و كوردپەروەرییە و هیچ بیانوویەك بۆ بەشدارینەكردن و دەنگدان بە (نەخێر) هەڵناگرێ و هەرگیز ناكرێ ئەم پرسە تێكەڵ بە پرسەكانی تر بكرێت.

## خانمە هونەرمەند ئالان عومەر



ریفراندۆم پرۆسەی راوەرگرتنی گەلە، كە چی دەوێت و چی دەخوازێت، راستە بۆ سەربەخۆیی كوردستان ریفراندۆمی ناوێ و سەربەخۆیی ئاواتی هەموو گەلە، بەڵام رۆتیناتەكانی دیموكراسی و ئازادی لەجیهاندا، لێمان دەخوازێت بۆ سەربەخۆیی خۆشمان ریفراندۆم سازبكەین. كەوایە بۆ بەهێزكردنی بڕیاری سەركردایەتیی كورد بۆ سەربەخۆیی، دەبێ ریفراندۆم ئەنجام بدرێت، ئێمەش بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی بەشداری بكەین.

پێشتر دوژمنانی كورد دەیانگوت كورد بوونی نییە، ماوەیەك پێش ئێستاش بە گوێی دنیایان دا و دەیانگوت كورد سەربەخۆیی ناوێ. ریفراندۆم وەڵامە بۆ ئەوان، بەهیوام لە رۆژی ریفراندۆم هەموو خەڵكی كوردستان بچنە سەر سندوقەكانی دەنگدان، لەپێناو داهاتوویەكی باش و سەربەخۆ، لەپێناو رزگاركردنی كوردستان لەو هەموو چەوساندنەوەو بێ مافكردنە، بڵێن بەڵێ بۆ سەربەخۆیی. خەڵكی كوردستان دەبێ بە بەشداری لە ریفراندۆم و دەنگدان بە بەڵێ، دەنگی رابەرەكانی خۆیان، دەنگی سەركردەكانی خۆیان بۆ بانگی سەربەخۆیی زوڵاڵتر بكەن، دەبێ بە دنیای بگەیەنین كە ئێمە سەربەخۆییمان دەوێت، نامانەوێ چیتر خەڵكی بیانیی حوكمی وڵاتی ئێمە بكات و ئێمە ژێردەستە بین. داوا لەخەڵكی كوردستان دەكەم، لەپێناو داهاتوویەكی باش بۆ وڵاتەكەمان، داهاتوویەكی سەربەست و سەربەخۆ بۆ منداڵەكانمان، هەموو بەشداربین لە ریفراندۆم و بڵێین بەڵێ بۆ سەربەخۆیی.



## نارین فەقێ

وەكو هونەرمەندێكی كورد هەست بە فەخر و شانازیی دەكەم كە ئێمە لەو رۆژە نزیك بووینەتەوە كە خەونی زیاتر لە چل ملیۆن كورد دێتە دی، هیوادارم هەر كوردێك كە خاك و وڵاتەكەی لا خۆشەویستە بە هیچ شێوەیەك دژی ئەم بڕیارە نەوەستێتەوە، بژی كورد، بژی كوردستان.

# لەمیس دووبارە سنگڵە



پێش چەند مانگێك خانمە ئەكتەری تورك تۆبا بۆیۆكستۆن و ئەنوەر سایلاكی هاوسەری جیابوونەوەی خۆیان راگەیاند دوای شەش ساڵ ژیانی هاوسەرێتی و لەم ماوەیەدا بوونە خاوەنی دوو منداڵ.

چەند سەرچاوەیەكی نزیك لە تۆبا كە بە (لەمیس) ناسراوە رایانگەیاند لە دانیشتنێكی دادگای خێزانیدا جیابوونەوەی خۆیان راگەیاند و دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەكە لە رۆژنامە و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان، جەماوەر و هەوادارانی ئەم دوو ئەستێرەیەی تووشی شۆك كرد، چونكە پێش ماوەیەك بەیاننامەیەكی رۆژنامەوانییان بڵاوكردەوە و تێیدا رایانگەیاند كە ژیانی هاوسەرییان جێگیرە و هەڕەشەیان لەو رۆژنامە و گۆڤارانە كرد كە هیچ هەواڵێك دەربارەی جیابوونەوەیان بڵاو نەكەنەوە، بەڵام وا پێدەچێت ناكۆكییەكانیان گەیشتبێتە رێگایەكی داخراو.

سەرچاوە رۆژنامەوانییەكان هۆكاری سەرەكی ناكۆكییەكانیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە كە هەردووكیان وا رێككەوتبوون كە لە یەك كاتدا بەشداری هیچ كارێكی هونەریدا نەكەن بۆ ئەوەی ئاگاداری رەوشی منداڵەكانیان بن، بەڵام وا رێكەوت كە هەردووكیان لە یەك كاتدا بەشدارییان لە دوو زنجیرە درامادا بكەن و هیچیان ئامادە نەبوون لە كارەكە بكشێنەوە.

# سانی لیۆن بە بیبەر بەرگری لە ئاژەڵان دەكات

زۆر لە ئەستێرە ناودارەكانی جیهان جگە لە كارەكانی خۆیان، لە رێكخراوەكاندا كاری خۆبەخش دەكەن، هەروەها بەشداری لە هەڵمەتە جۆراوجۆرەكاندا دەكەن بۆ نەهێشتنی نەخۆشی، یان دیاردەیەكی دیاریكراو وەك بەرگریكردن لە ئافرەتان و نەهێشتنی نەخوێندەواری و پاراستنی ئاژەڵ و چەندین بابەتی دیكەی هاوشێوە.

سانی لیۆنی ئەستێرەی بۆلیۆد بە خۆشەویستیی بۆ ئاژەڵ ناسراوە و ئامادەیە بە هەر شێوەیەك بەرگرییان لێ بكات، لەم بارەوە سانی لیۆن بەم دواییە لەگەڵ رێكخراوی (بیتا) كە تایبەتە بە مامەڵەی ئەخلاقی بەرامبەر بە ئاژەڵان بەشداری لە هەڵمەتێكی راگەیاندندا كرد كە لە رۆژی جیهانی ژینگە بڵاوكرایەوە.

لەم ریكلامەدا سانی لیۆن بە رووتی دەركەت لەسەر قەرەوێڵەیەك كە لە بیبەری سووری تیژ دروستكرابوو، ئەمەش وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی خەڵك واز لە خواردنی گۆشت بهێنن و هانیان بدات كە روو لە خواردنی سەوزە بكەن.





ناتاليا:

# کورد پێویستی به یەکێتی هەیە

خانمه هونەرمەندی کورد هۆزان ناتالیا له لێدوانێکدا بۆ گۆڤاری گوڵان رایگەیاند که دوژمنان به درێژایی مێژوو هەوڵیانداوه تەبایی و یەکڕیزیی نێوان گەلی کورد نەهێڵن و زەوی و خاکی کورد داگیر بکەن، بۆیه له هەموو کاتێك زیاتر پێویستمان به یەکێتی هەیە.

ناتالیا که کوردی ئۆکرانیایه و ئێستا له وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێیه، دەربارەی گرنگیی هونەر و گۆرانی بۆ میللەتی کورد وتی: هەمیشه میللەتی کورد لەلایەن دوژمنانی دوچاری کوشتن و ئاوارەیی و دەربەدەری بووەتەوه و خاك و وڵات و کەلتوور و زمانی بەر هێرشی داگیرکەران کەوتووه، جگه له گیانفیدایی و شۆڕشی چەکداری میللەتی کورد بەردەوام پەنای بۆ هونەر بردووه بۆ پاراستنی کەلتوور و زمان و فەرهەنگی خۆی و توانیویەتی زمان و کەلتووری خۆی بپارێزێت، ئەمەش ئەوه دەگەیەنێت که گۆرانی وتن و هونەریش شۆڕشه، بەڵام شۆڕشه به دەنگ و هونەر، ئەم کاره بۆ هونەرمەندانی وەکو ئێمه به حوکمی ئەوەی له دووره وڵاتی دەژین تا رادەیەکی زۆر زەحمەت بوو، بەڵام له هەمان زیاتر هانی دەداین که بەردەوام بین لەسەر ئەو خەباتە.

سەبارەت به رۆڵی ئافرەت له هونەری کوردی ناتالیا دەڵێ: بۆ ئافرەتی کورد به گشتی ژیان سەختە و بەردەوام رووبەڕووی ئاستەنگ و گرفت دەبێتەوه، ئەگەر ئافرەت بێت ئەوا ئاستەنگەکانی زۆرتر و سەختتر دەبن، خۆشەویستیم بۆ هونەر وای لێکردم که دەست له کاری هونەری بەرنەدەم، تا ئێستاش بەردەوام له کاری هونەری، بەڵام پەیدا کردنی بژێوی ژیان بۆ هونەرمەندێکی ئافرەتی کورد له ئەورووپا کارێکی ئاسان نییە.